# بیۆگرافیای سوارەی ئیلخانیزادە



باران

ئا:د. لاوی حەسەن

- سوارە کوڕی ئەحمەد ئاغا، کوڕی حاجی بابیز ئاغای ئیلخانیزادە، ساڵی 1937 لە گوندی تورجان ،کە دەکەوێتە نزیک شاری بۆکان لەدایکبووە.

-هەر بە منداڵی عیسمەت خانمی دایکی کۆچی دوایی دەکات. هەر لەو کاتەشدا ماڵیان دەگوێزنەوە بۆ گوندی قەرەگوێزو لەوێ باوکی ژنێکی دیکە دەهێنێت، بەڵام بۆ سوارە و خوشک و براکەی وەک دایکی ڕاستەقینە وادەبێت.

- هاوینی ساڵی 1954 لە قەرەگوێزەوە دەچنە بۆکان.

دووەم

- لە پاییزی ئەو ساڵەدا سوارە دوچاری نەخۆشییەکی سەخت دەبێت و سێ ساڵ لەجێدا دەیخات، بۆیە لاواز و بێهێز دەبێت.

- بەو حاڵەشەوە بەردەوام دەچێتە قوتابخانە و چەند ساڵ لە بۆکان دەخوێنێت.

- پاشان دەچێتە تەورێز و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدات.

- ساڵی 1962 بڕوانامەی دیبلۆم لە شاری تەورێز وەردەگرێت و بەشداریی تاقیکردنەوەی زانکۆی تاران دەکات.

- لەو سەردەمەشدا لەگەڵ کۆمەڵێک ڕوناکبیری کورد لە ڕیزی ڕێکخراوێکی نهێنیی بەناوی «یەکێتی خوێندکارانی کورد لە زانستگاکانی ئێران» کاردەکات.

- هەر لەو دەمەدا لەگەڵ کیژێکی ئازەری نیشتەجێی شاری بۆکان بە ناوی «ڕوقیا» کە چەند ساڵ ئەویندارى یەکتربوون، خێزان پێکدەهێنن و بەرهەمی ئەو هاوسەرییە کوڕێک دەبێت بەناوی «بابەک».

- ساڵی 1963 سمایلی شەریف زادە و سوارە و دەستەیەک خوێندکار و لاوی کورد، ڕێکخراوێکی خوێندکاریی چەپ دروستدەکەن.

- بەدرێژایی ئەو ساڵانەی کە لە زانکۆ دەخوێنێت، مامەکانی بەگشتی و حاجی ڕەحمانی ئێلخانی زادە و سەعدی موهتەدی بەتایبەتی، هەروەها ئامۆزایەکی لە خۆی بەتەمەنتری بەناوی «حەسەن» یارمەتیدەدەن.

- ڕۆژی 1964/3/20 حکومەتی حەمە ڕەزاشا شاڵاوی گرتن و زیندانیکردنی تێکۆشەران دەستپێدەکات و نزیکەی 150 لاوی ڕوناکبیر و تێکۆشەری کورد بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ (حیزبی دیموکراتی کوردستان) دەگرێت و دەیانخاتە زیندانی «قزل قلعە»وەو ماوەی شەش مانگ بەن دەکرێت.

- سوارەش بەر ئەو شاڵاوی ڕەشبگیرییە دەکەوێت، ئەگەرچی ئەو نەخۆش و لاواز دەبێت، بەڵام دلێرانە شەش مانگ خۆی ڕادەگرێت و ئەشکەنجە و ئازار ورەی پێ بەرنادات. سەرنجام هیچی لەسەر ئیسپات نابێت و ئازاد دەکرێت.

- پاشان دەچێتەوە زانکۆ ودرێژە دەداتەوە بە خوێندن.

لە ساڵی 1967 لەبەشی کوردیی ڕادیۆ تاران، دەستدەکات بە کارکردن.

- لە ساڵی 1968 بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆلێژی ماف لە بەشی قەزایی/ یاسای زانکۆی تاران وەردەگرێت.

- هەر لەو دەمەدا لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران وەک کارمەند دادەمەزرێت. لەو ڕادیۆیەدا بەرنامەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی بەناوی «تاپۆ و بومەلێڵ» پێشکەشدەکات. بەو بۆنەیەوە لەنێو توێژێکی بەرینی خەڵکی کوردستاندا دەناسرێت.

- بەشی زۆری تەمەنی سوارە ململانێ دەبێت لەگەڵ نەخۆشیدا.

-ڕۆژی 1976/1/12 لەکاتێکدا کە سوارە بەرەو ماڵ دەڕواتەوە، هاوکارێکی خۆیەوە بە ئۆتۆمبێل لێدەدات، بەڵام ئەو پێی وادەبێت کە ئازارێکی کەمی گەیشتوە و هیچی لێنەهاتوە. ئیدی دەیبەنەوە ماڵەکەی خۆی. وردە وردە ئازاری لەشی زیاددەکات. پاش دوو ڕۆژ دەیبەنە خەستەخانەی «میساقیە»ی تاران. کاتێک دکتۆر لێیدەکۆڵێتەوە، دەڵێت توشی زەردویی بووە. دواتریش گومانی نەخۆشی شێرپەنجەی لێدەکەن، بۆیە بڕیاردەدەن کە نەشتەرگەریی بۆ بکەن، بەڵام بەرگەی نەشتەرگەرییەکە ناگرێت و ڕۆژی چوارشەممە 1976/1/14 دڵی لەلێدان دەکەوێت.

- ڕۆژی دواتر کۆمەڵێک لە خزمان و دۆستان و ڕوناکبیرانی کوردی تاران، تەرمەکەی دەبەنەوە بۆ بۆکان و لە گۆڕستانی و گومبەزی گوندی حەمامیان لە سەر بەرزاییەکی وەک ناڵەشکێنە بەخاکی دەسپێرن.

- ئەگەرچی سوارە زیاتر وەک شاعیر ناو دەردەکات، بەڵام لە ڕاستیدا دەستێکی باڵای لەپەخشان و وتاری ئەدەبی و چیرۆک و شانۆنامەنوسینیشدا هەبووەو بەرهەمەکانیشی بەناوی «سوارە، ئازاد و پ. ئەهورا»وە بڵاوکردوەتەوە.